**کاتبەندیی مێژووی پەرەسەندنی کۆنیشانە و نەخۆشی کوشین و کێماسییە کانی تری ژێرمێشکەڕژێن و ڕژێنی ئەدرینالین**

**ئامادەکردنی: تریسیا بۆرکاردت**

**وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە: حسێن محەمەد**

کۆنیشانەی کوشین بەیەکێک لە کێشە سەختەکانی بواری دەردانی کوێرەڕژێنەکانە.

ئادێر ستیوارت ماسۆن، پزیشکی پسپۆڕی بواری کوێرەڕژێنەکان

گالینی پزیشکی دادوەری مارکۆس ئۆرێلۆسی ئیمپراتۆری ڕۆمانی، پەی بە هەبوونی ژێرمێشکەڕژێن برد. بڕوای وابوو ئەم ڕژێنە "بەڵغەمە ڕژێن" بێت. بەم جۆرە دوای وشەی (Pituita)لاتینی (بەڵغەم) ناونرا.

لەساڵی ١٥٤٣دا ڤێسالیۆسی توێکارزان چەمکەکەی گالینی پەسەند کرد بەوەی ژێرمێشکەڕژێن "ڕژێنی بەڵغەم" بێت. هەروەها بڕواشی وابوو فرمانی دەردانی چڵم بێت بۆناو لوت. ڤێسالیۆس ناوی "کەمە بەڵغەمی دەرهاویشتووی مێشک"ی لێنا. ئەم بیروڕایەش وایکرد کار لەسەر پاککردنەوەی دەماغ بکرێت، وەک تۆزەکانی مش کردن و پژمین. بۆ چەندین سەدە ڕوانینی ژێرمێشکە ڕژێن وەک پاکژکەرەوە یان جۆگەی مادەکانی پاشەڕۆ باو بوو.

لەساڵی ١٦٧٢ ڕیچارد لەوەری توێکارزانی ئینگلیز ڕوانینی خۆی لەبارەی ئەوەی ئەمڕۆ ڕەنگە وەک فرمانی مۆخەڕژێن دەناسین، گەڵاڵە کرد و گوتی"بۆ هەر خوێناوگ یان سیرۆمێک بۆ زگۆڵەکانی مێشک و شانەکانیان جودا دەکرێتەوە لەڕێگەی ڕەحەتی مێشکەوە بۆ ژێرمێشکە ڕژێن دەپاڵێوێ نەک لەسەر مەلاشوو، بەڵکو دەڕژێتە ناو خوێن و لەگەڵیدا تێکەڵاو دەبێت."

**دەستپێکی کێشکەکە، دەستوپێ زلیی لەبەرانبەر نەخۆشییەکانی تری ژێرمێشکەڕژێندا**

لەساڵی ١٨٨٨٦دا پییەر ماری و ئۆسکار مینۆکاوسکی حاڵەتی دەست و پێ زلییان بە نەخۆشی ژێرمێشکە ڕژێنەوە پەیوەست کرد. دەی هەر لەم سەردەمەدا حاڵەتەکانی گرێی ژێرمێشکەڕژێن بەبێ دەستو پێ زلیی وەسف کران، بەمەش ڕیسەکە بوویەوە بەخوری!

**<u>کیسی نێو لاسکی دەماغ یان ژێرمێشکە ڕژێن</u>**

لەساڵی ١٩٠١دا هارڤی کوشینی پزیشکی نەشتەرگەری مێشک و دەمار تێگەیشتنێکی گەڵاڵە کرد بەوەی حاڵەتی کەم دەردانی ڕژێنی ژێر مێشک دیاریدەیەکی باو و ڕێگەیەکی بەکەڵکی دەستنیشان کردنی کیسەکانی نێو لاسکەی مێشک بێت.

لەساڵی ١٩٠٩دا هارڤی کوشین یەکەمین نەشتەرگەری ژێرمێشکەڕژێنی ئەنجام دا لەڕێگەی دەرەوەی کاسەی سەر ئەنجام دا و باشترین ئەنجامی نەشتەرگەریش وەدی هات.

## کۆنیشانەی فرە ڕژێن

لەساڵی ١٩١٠دا هارڤی کوشین نەخۆشێکی تەمەن ٢٣ساڵی بەناوی ناسراوی مێژوویی خۆیەوە"مینی جی" پشکنی. نیشانەکانی بریتی بوون لە قەڵەویی بەئازار و فرە موویی و نەبوونی سوڕی مانگانە و فرە گەشەی تایبەتمەندییە دووەمییە زایەندەییەکان(سێکسیی) و کەمە سەرەئاوسێ و زیادبوونی فشاری سەر.

لەساڵی ١٩١٢دا کتێبە ناوازەکەی بەناوی"بنگەی ژێرمێشکە ڕژێن و نەخۆشییەکانی" بڵاوکردەوە. حاڵەتی ژمارە ٣، (ماری.دی) یەکەمین نەخۆشی بوو نیشانەی فرە موویی هەبوو. زۆرێک لەنەخۆشەکانیش(لەکاتی لەش دانەوەدا) فرە گەشەیی ڕژێنەکانی ئەدرینالینیان هەبوو، بەپەیوەست لەگەڵ گرێیەکانی ژێرمێشکەڕژێن، کە دواتر وەک "کۆنیشانەی فرەڕژێن" ناسێنرا.

لەساڵی ١٩١٣ تا ١٩٢٦ گەلێک لەپزیشکان وتاریان بڵاوکردەوە لەبارەی ئەو نەخۆشانەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییەیان هەبووکە ئەمڕۆ ئێمە ناوی "کۆنیشانەی کوشین"مان لێناوە. زۆرینەی نەخۆشەکان لەڕەگەزی مێینەو لە بیستەکانی تەمەنیاندا بوون. زۆربەشیان پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان بەهۆی شکستی نەشتەرگەرییەوە مردن. توێکاری یان بڵێین لەش دانەوەی دوای مردن گرێیەکانی سەر ڕژێنەکانی پیشان دا(نەخۆشێک گرێی سەرهەردوو ڕژێنەکانی ئەدرینالین و ژێرمێشکە ڕژێنی هەبوو).

لەساڵی ١٩١٤دا بەڕێز پێرسی سارجەنتی نەشتەرگەری بەڕەگەز ئینگیلزیی گرێیەکی سەر گورچیلەی ڕاستی نەخۆشێکی لابرد. نەشتەرگەرییەکەش سەرکەوتوو بوو. لەمانگی ئابی ١٩١٤دا نەخۆشەکە یەکەمین قۆناغی نۆ ساڵەی تەواو کرد. فرە موویەکەی نەما.

سەبارەت بە ساڵی ١٩١٦، دەستوپێ زلی و تەمەڵی ژێرمێشکە ڕژێن تاکە دوو نەخۆشی دانپیانراوی مۆخەڕژێن بوون(لەڕوانگەی پزیشکانی ڕاهێنراوەوە).

لەساڵی ١٩٢٩تا ساڵی ١٩٣٢، هارڤی کوشین پێی باشتربوو نەشتەرگەری لەڕێگەی کاسەی سەرەوە ئەنجام بدا وەک نەشتەرگەری لەڕێگەی ئێسکی پوزایی بۆ لابردنی گرێی مۆخ. هۆکارەکەی بەڕوونی نەزانراوە، بەڵام زۆربەی نەشتەرگەرەکان دوای ڕێچکەکەی کوشین کەوتن.

دوو نەشتەرگەری دەمار هەبوون کە هەر پەیڕەویان لە نەشتەرگەری لەڕێگەی پوازە ئێسکەوە کرد. ئۆسکار هیرش کە ڕاهێنانی لە بۆستن و وڵاتی نەمسادا کرد، بە "دەنگێکی نامۆی نێو جەنگەڵ" و "نەشتەرگەرە ڕەنگ هەڵبڕسکاوەکە"ی ڤێنا ناوی دەرکردبوو، لەبەر تەکنیکە ناوازەو کەم کردنەوەی خوێن بەفیڕۆدان لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا.

نۆرمان دۆتی نەشتەرگەری دەماری بەرەگەز سکۆتلەندی، کە لێکۆڵینەوەی لە ڕێ و جێی نەشتەرگەری لەرێگەی ئێسکی پوازی لەنەخۆشخانەی پیتەر بێنت بریگام لەساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ١٩٢٤ کرد، هەر بەردەوام ڕێ و جێیەکەی بەکارهێنا و دوای گەرانەوەی بۆ نەخۆشخانەی شاهانە لە شاری ئێدنبرە هەمواری ڕێ و جێیەکەی کرد. دۆت دواتر نەخشەی ئامێرێکی تایبەتی هەناوبینی کێشا کە ڕووناکی لەگەڵ بوو تا ئەم نەشتەرگەرییانەی پێ ئەنجام بدات.

لەساڵی ١٩٣١ دا یۆلیۆس باوێری سەرۆک بەشی پزیشکی لەڤینادا، باس و خواسی حاڵەتێکی نەخۆشێکی بڵاوکردەوە ، کە وا دەستنیشان کراو بوو گرێی ڕژێنی ئەدرینالی هەبێت، نەشتەرگەری بۆ ئەنجام درا و دەرکەوت هیچ گرێیەکی نەبووە! هەر دوای نەشتەرگەرییەکە مرد. پشکنینی دوای مردنی گۆڕانی دەستنیشان کردنەکەی بۆ فرەچالاکی ڕژێنی ئەدرینالینی بەبێ توێکاری بنەڕەتی پیشان دا. دوای چەند مانگێک، کوشین باوێری ڕاسپارد تا تەماشای ژێرمێشکە ڕژێنی بکات، هەروەها تەماشای ئەو زنجیرە بەشەش بکات کە گرێی باسۆفیلی*١ دەرخست بوو.

لەساڵی ١٩٣٢ دا هارڤی کوشین وتارێکی بەناونیشانی"گرێی خڕۆکە سپییە تفت دۆستەکانی ژێرمێشکە ڕژێن و دەرهاویشتە بینگەییەکانیان" بڵاوکردەوە. کوشین بەدرێژی حاڵەتەکانی دوو نەخۆشی یاداشت کردبوو، لەکاتی کارکردنی خۆیدا بەرکەوتنی لەگەڵیان هەبوو، دە حاڵەتی هاوشێوە لەسەرچاوەکانەوە وەرگیران.

**بەکارهێنانی "کۆنیشانەی کوشین" بۆ یەکەم جار**

لەساڵی ١٩٣٢ ئوسقوف ئێف.ئێم.پی و ئاڕ.جی نزیک لە نەخۆشخانەی گای لەلەندەن هەمان حاڵەتیان ناسیەوەو وەها وەسفیان کرد: حاڵەتێکی گرێی باسۆفیلی پلی پێشەوەی مۆخە ڕژێن ؛ کۆنیشانەی کۆشین.

---

١-جۆرێکە لە خانەی بەرگری کە دەنکۆڵە و ئەو ئەنزیمانەی هەیە کە دەردەدرێن لەکاتی کاردانەوەی هەستیاریی یان نەخۆشی بەرهەنگ دا.

**هۆرمۆنی بزوێنەری توێکڵی ئەدرینالین(ACTH) و نەخۆشی کوشین ناونران**

لەساڵی ١٩٣٣دا جەیمز بێرتام کۆلیپی کیمیاگەری کەنەدی هۆرمۆنی (ACTH) دۆزییەوە. دوو جۆری خراپ کارکردنی گورچیلە دەستنیشان کران؛ جۆری یەکەمیان سەرەتایی، گرێیە چالاکەکانی توێکڵی ئەدرینالین دەری دەدەن، ئەوەی دووەمیشیان لەڕێگەی زۆر زۆر وروژانی توێکڵی ئەدرینالین، دیارە ئەمەش پەیوەندی بەنەخۆشی ژێرمێشکەڕژێنەوە هەیە. هەر ئەوەی دووەمیان شایانی ئەوە بوو ناوی"نەخۆشی کوشینی" بەسەردا ببڕێت.

لەساڵی ١٩٣٣دا ئەلفرید پاتیسۆنی پزیشکی نەشتەرگەری مێشک و دەمار لەڕێگەی ڕواندنەوەی بەشەکانی ڕادۆن لەناوچەی زینیی*١ مێشکدا، سەرکەوتووانە یەکەمین نەشتەرگەری مۆخەڕژێنی بۆ نەخۆشی کوشین ئەنجام دا.

هەر لەهەمان ساڵدا، هاوارد نافزیگەری نەشتەرگەری مێشک و دەماری بەرەگەز ئەمریکیی، یەکەمین نەشتەرگەری بۆ برینی گرێی ژێرمێشکە ڕژێن ئەنجام دا(هەر مانگێک دوای نەشتەرگەرییەکەی پاتیسۆن). ئەنجامەکەشی هەر چاک بوونێکی کاتیی بوو کە واتای کەمیی گرێیەکەبوو لەشانە بڕدراوەکەدا.

لەساڵی ١٩٣٤دا هەردوو دکتۆر پۆڵ وێرمێر و ڤیکتۆر مێدڤەی لەڤێنادا لێکۆڵینەوەیەکیان خستەڕوو بەپشت بەستن بە حەوت نەخۆش کە دەستنیشان کردنی جیاوازی گرێی باسۆفیلی ژێرمێشکە ڕژێنیان لەساڵی ١٩٣١ تا ١٩٣٤ هەبوو.

---

١-بریتی یە لە بۆشاییەکی توێکاری ئاڵۆز کە چەند جۆرێکی جیاوازی شانەی هەیە.

دكتۆر هارڤی كوشین داوای ڕوونووسێكی(كۆپی) لێكۆڵینەوەكەی كرد و پەیوەندی بە دكتۆر ڤیكتۆر مێدڤەی كرد. ئەم خشتەیەی خوارەوە سێ جۆر گرێی دەستنیشان كراوی نێو لێكۆڵینەوەكەی تیادایە:-

| After MEDVEI and WERMER Med Klin 1934 N 30<br>SIGN | BASOPHILIC ADENOMA | ADRENOCORTICAL TUMOUR | VIRILISING TUMOURS OF THE OVARY |
|---|---|---|---|
| OBESITY (MASCULINE DISTRIBUTION) | + + + | ++ | — |
| HIRSUTIES | + | +++ | +++ |
| GONADAL DYS (HYPO) FUNCTION | + + + | +++ | +++ |
| MASCULINISATION OF EXTERNAL GENITALIA IN WOMEN | + | ++ | +++ |
| PURPLE STRIAE | + + + | + | — |
| OSTEOPOROSIS | + + + | +(?) | — |
| HYPERTENSION | + + | ++ | — |
| POLYCYTAEMIA | + | ++ | ± |
| HYPERGLYCAEMIA | + | + | ± |
| DRY AND ROUGH SKIN | + + + | + | + |
| ENLARGEMENT OF SELLA | + | — | — |
| PALPABLE ABDOMINAL TUMOURS | — | + | — |
| PALPABLE OVARIAN TUMOUR | — | — | + |

**سی ساڵ وازهێنان لەنەشتەرگەری ژێرمێشكە ڕژێن بۆ نەخۆشی كوشین(١٩٣٥-١٩٦٣).**

لەساڵی ١٩٣٥دا دكتۆر كۆستێلۆ لەمایۆكلینیك و سوسمان لەبەریتانیادا گەشتنە ئەو ئاكامەی لەكاتی دۆزینەوەی گرێیەكانی باسۆفیل لە لەش دانەوەی ئەو كەسانەی نیشانەكانی نەخۆشی كوشینیان نەبوو كە هیچ بەڵگەیەك نەبوو، گریمانەی ئەوە بكرێت هۆكاری ئەو نەخۆشییە بوو بێتن كە دەرەنجامەكەی گرێی باسۆفیل بووە، بەهۆكاری سەرەتایی نەخۆش زانرا.

ڕەنگە هۆكارێكی تری گریمانەكراو بۆ ئەو بەئاكام گەشتنەی سەرەوە حاڵەتەكەی كوشینی مینی جی بوو بێت. لەحاڵەتەكەی مینی جی دا، واپێدەچێت نەخۆشییەكە بەخۆی سەرهەڵداوە بوو بێت. ٢٩ ساڵ دوای پەرەسەندنی نەخۆشییەكەی، بەبێ بوونی نیشانە ژیا.

ستیوارت مەیسۆن وتی"ڕەنگە نەخۆشییەكە زنجیرە ئاسا و سەرهەڵداوە بێت."

لەساڵی ١٩٣٥دا، ئەوەی پشتڕاست كردەوە كە "هۆكاری نەخۆشی كوشین زۆر دەردانی هۆرمۆنی توێكڵی ئەدرینالینی ژێرمێشكە ڕژێنە." ئەمەش فوڵەر ئۆڵبرایتی پزیشكی كوێرەرژێنەكانی بەرەگەز ئەمریكیی لەساڵی ١٩٤١ و كێپلەری پزیشک لەساڵی ١٩٤٥دا سەلماندیان.

## ناساندنی هۆرمۆنەکانی ئەدرینالین و بینەوبەردەی نوێ

لەساڵی ١٩٣٦دا ئێدوارد کارڵ کێندڵی کیمیاگەر و مایۆکلینیک و ڕۆچێستەر و ئێم.ئێن لەگەڵ هاوڕێ کیمیاگەرە کانی گەلێک خوێناوگی ئەدرینالیان وەک پێکهاتەی ئەی تا ئێف جوداکردەوە و ناونا. پێکهاتەی ئی دواتر ناوی کۆرتیزۆنی لێنرا. لەهەمان کاتدا تادێوس ڕەیچستەینی کیمیاگەری سویسریی و تاقمەکەی لەشاری زیوریخ لەسویسراو وینتەرستەین و فیفینەر و هەروەها لەئەمریکادا هەمان لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام دەدایەوە. پێکهاتە ئییەکەی کێندڵ پێکهاتەی فای ڕەیچستەین بوو، وینتەرستەینەر و فیفەر ناوی پێکهاتەی ئێفیان لێنا و ناولێنانێکی سەیریان دەست پێکرد کە چەندین ساڵی ئەویست تا ڕوون بکرێتەوە.

لەساڵی ١٩٣٧دا، ژێرمێشکە ڕژێن وەک "ڕژێنی سەردار" ناسێنرا چونکە ئەو کۆنترۆڵی دەردانەی بەسەر کوێرە ڕژێنەکانی تردا هە بوو.

لەساڵی ١٩٣٩دا هارڤی کوشین بەهۆی نەخۆشی تاجینەی دڵەوە مرد.

## ساڵانی ١٩٤٠کان، بیرکردنەوە لەناوەکان

لەساڵانی ١٩٤٠کاندا، بەپێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەی گرێیەکانی ژێرمێشکەڕژێنی بەهۆکاری نیشانەکانی نەخۆشی کوشین دەزانی، چوار پزیشکی بەناوبانگ ئەم ڕوانینانەی خوارەوەیان هەبوو:-

١-ڕژێنی ئەدرینالین فرە بە وروژاندنی ئاساییانەی مۆخەڕژێن هەستیار بووە، بووەتە هۆی فرە چالاکی مۆخەڕژێنەکە.

٢-نەخۆشییەکە سازوچوویانە(مێتابۆلیزم) بووە وەک لە نەخۆشی سێکسی لەڕێگەی زۆر بەکارهێنانی گلوکۆکۆرتیکۆدی ئەدرینالین وەک هۆکاری کارتێکەری لایەنە پووکێنەرەوەکانی نەخۆشییەکە وەک شەکرە و داهێزی ماسولکە و داکونینی ئێسک.

٣-ژێر سەرین(هایپۆثالۆمۆس) جێگای برینەکە بووە لە نەخۆشی کوشین دا و حاڵەتەکەش یەکێک بوولە فرەناچالاکی ژێرمێشکە ڕژێن.

**بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کۆرتیزۆن بۆ مەبەستی باش یان خراپ؟**

لەماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم دا(١٩٣٩-١٩٤٥)، بڕێکی زۆری کۆرتیزۆن (پێکهاتەی ئی) بەرهەمهێنرا. پلانی توێژینەوەی گرنگ بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی ڕووکەشە پێکهێنەرە سازکراوەکانی ڕژێنی ئەدرینالین لای حکومەتی ئەمریکی بە پشت بەستن بەوبنەما هەڵەیەی کە فڕۆکەوانەکانی جەرمان لوفتوایف دەیانتوانی لەبەرزییەکی زیاتردا بفڕن(نزیکەی ١٢ کم) چونکە هۆرمۆنی ستیرۆیدیان لەخۆیان دابوو، هەروەها زانیاریان لەدەزگای هەواڵگری ئەمریکی وەرگرتبوو بەوەی ژێردەریاییەکانی ئەڵمانیا بڕێکی زۆری هۆرمۆنی ئەدرینالینی ڕەشە وڵاخیان دەگواستەوە کە لەوڵاتی ئەرژەنتین کڕی بوویان.

لەساڵی ١٩٤٦دا لویس سارێتی کیمیاگەری ئەمریکی بەکارکردن لەگەڵ تاقیگەکانی کۆمپیانیای مێرکی بەرهەمهێنەری دەرمان، جۆرە دەرمانێکی تاڕادەیەک پێکهێنەری چالاکی بەرهەمهێنا، جۆرە کۆرتیزۆنێک، وە لەساڵی ١٩٤٨دا ئەم پێکهاتەیە، کە ئێستا پێی دەڵێین کۆرتیزۆن، بەڕێژەی گرامیی بەرهەم دەهێنرا و ئەنجامی دڵخۆشکەرانەشی بۆ کۆنترۆل کردنی نەخۆشانی ئەدیسۆن هەبووە. هەروەها وەک ئامادەکاری ئەو نەخۆشانەشیان پێکوتا ڕۆماتیزمیان هەبوو. دەی ئەنجامی ناوازە و بەکەڵکیان لەسەر ڕەق بوون و ئازاری توندی ماسوولکە یاداشت کرد. یەکەمین کوتانی ٥٠ میلیگرامی بۆخانمێکی نەخۆشی ٢٩ ساڵان کرا لە لایەن گاردنەر لە کولێژی هێنچ و چارڵس سلۆکومب لەڕۆژی ٢١ی مانگی سێپتێمبەردا. لەو کاتەدا ١٠٠ میلیگرامی ڕۆژانە زۆر بوو، بەڵام هێنچ وکێندڵ هەردووکیان بێ مەبەستانە دوودڵ نەبوون بڕەکەی کەم بکەنەوە. لەماوەی ئەو چەند مانگەی داهاتووەی ١٢ نەخۆشی تری هەڵبژێراو بەکۆرتیزۆن کوتران و بینگەییانە(کلینیکیانە) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دۆخیان باش بوو. ئەم دۆزینەوە زانستییە بڵاوکرایەوە و هەر زوو دەنگدانەوەی هەبوو. لەساڵی ١٩٥٠دا هێنچ و کێندڵ و ڕێچستەین پێکەوە لەبەر دۆزینەوەکانیان خەڵاتی نۆبڵیان لەبواری پزیشکیی و کارئەندامزانیی(فەسلەجە) پێ بەخشرا.

لەسەرتاپای جیهاندا دواتر چەند لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام دران و سوودە بینگەییەکانی بەکارهێنانی کۆرتیزۆن لەخانەخوێی نەخۆشییەکانی تری هەوکردندا سەلمێنرا. بەداخەوە زۆری نەبرد ببینین ئەو بڕە زۆرەی دەرمانی کۆرتیزۆنیش کۆمەڵە دەرهاویشتەیەکی خراپی دیاری هەبوو کە زوو وەها زانرا هاوشێوەی ئەوانە بوو بن ئەو دەرهاویشتە بینگەییانەیان هەبوو بێتن لە لێکۆڵینەوەکەی باسۆفیلەکەی مۆخەڕژێنی وەسف کراوە. بەم جۆرە زۆری کۆرتیزۆن یان کۆنیشانەی کوشین بوونە هاوواتای یەک.

**دواجار نەخۆشی کوشین ناسێنرا.**

لەساڵی ١٩٥٠دا، جولیۆس باوێر لە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوەدا ئاماژەی بەوەکرد کە"پەیوەندی کۆنیشانەی بینگەیی زانراوی باسۆفیلی مۆخەڕژێن" دەبێت وەک "نەخۆشی کوشین" بناسرێت.

لەساڵی ١٩٦٠کاندا، درەوشانە بینی*١ داهێنرا، هۆرمۆن جیاکرایەوە و فرمانە فەلسەجەییەکانی ڕوون کرایەوە، زرنگاندنەوەی بەرگری تیشکیی پەرەی پێدراو بۆ هەردوو مەبەستی دەستنیشان کردن و چاودێریکردنی پاش چارەسەرکردن. ئەم داهێنانانە بوونە بەردی بناغەی ڕێ و جێی سەردەمیانەی نەشتەرگەری ئێسکی پوازی بۆ پێکانە ئاساییەکانی نێو ناوچەی زینیی، کە ئەمڕۆ پزیشکانی نەشتەرگەری مێشک و دەمار بەکاری دێنن.

---

١-جۆرێکی وێنەگرتنی پزیشکییە کە وێنەی بەردەوامی تیشکی ئێکس لەسەر مۆنیتەر پیشان دەدات.

**یەکەمین نەشتەرگەری لابردنی گرێی هۆرمۆنی دەردراوی وروژێنەری توێکڵی ئەدرینالین**

لەساڵی ١٩٦٣دا، جولیس هاردی نەشتەرگەری مێشک و دەماری کەنەدی وردبینی نەشتەرگەری بەکارهێنا تا یەکەمین نەشتەرگەری لابردنی گرێی هۆرمۆنی دەردراوی وروژێنەری توێکڵی ئەدرینالین ئەنجام بدات. ئەمەش هۆکاری مۆخەڕژێن بوو و چارەسەری سەردەمییانەی نەخۆشی کوشینی دیاریکرد.

ڕاپۆرتەکانی پاشتری هارڤی و لۆز و ویڵسن بوونە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو نەشتەرگەری ژێرمێشکە ڕژێن بۆ چارەسەری نەخۆشی کوشین پەسەند بکرێت.

**پێنج هۆکاری نەخۆشی کوشین دەستنیشان کران**

لەساڵی ١٩٦٦دا، دکتۆر جین جێراڵد هوندەری پسپۆڕی بواری هەناوی لەسەنتەری مایۆکلینیک کاری لەسەر هۆکارەکانی پەرەسەندنی نەخۆشی کوشین کرد. گەشتە ئەو ئاکامەی کە زۆری ئەو هۆرمۆنەی کە دەردەدرێت دەکرێت چالاکی دەردانی

١-فرە گەشەیی توێکڵەکانی ئەدرینالین بەبێ هیچ برینێکی دیاری کوێرە ڕژێن

٢-گرێی توێکڵی ئەدرینالین

٣-شێوە گرێی نائاسایی هەڵکەوتووی ئەدرینالین بۆ نموونە هی هێلکەدان

٤-گرێی هۆرمۆنی دەردراوی وروژێنەری ئەدرینالینی پێشەوەی ژێرمێشکە ڕژێنی پەیوەندیدار بە فرە گەشەی توێکڵی ئەدرینالین یان

٥-گرێی نا ژێرمێشکە ڕژێن وەک هی سییەکان یان پەنکریاس لەگەڵ دەردانی مادەی هاوشێوەی توێکڵی هۆرمۆنی ئەدرینالین کە دەبێتە هۆی فرە گەشەی توێکڵی ئەدرینالین.

سەرچاوە:-


https://www.google.iq/url?sa=t&source=web&rct=j&opi=89978449&url=https://csrf.net/wp-content/uploads/2021/04/A-Historical-Timeline-of-the-Evolution-of-Cushings-Syndrome-and-Cushings-Disease.pdf&ved=2ahUKEwjVlNXIts2JAxUmVPEDHYd4EYMQFnoECCsQAQ&usg=AOvVaw2qzy7vRO08KnGfY42WCDzb